FIRE WALL
Security System

# ڕێپیتر

## (زیادکەری مەودای فایرواڵ)




ڕێنمایی دامەزراندن و ڕێخستن

# ڕێنمایی بۆ ئامێری ڕیپیتر

## وزەگەیاندن بە خولگە:

گەیاندنی وزەی کارەبا بە خولگە لە دوو بەشەوە دابین دەکرێت کە یەکیان شەحنی 15ولْت، 1.5 ئەمپر و ئەوی تریان پاتری 12ولْت، 1.2 ئەمپرە.
کاتێک کە شەحنەکە دەبسترێت بە خولگەکەوە، جگە لەوەی کە وزە بە خولگەکە دەگەهێنێت، پاترییەکەش شەحن دەکات. کاتێ کە کارەبای شەحنەکە دەپچڕێت، پاتری بە شێوەی ئۆتۆماتیک دەبەسترێت بە خولگەکەوە و کارەباکەی دابین دەکات.

## ترمینالْی AUX:

کاتێک بمانهەوێ هەستەوەرە وایردارەکان بەکاربهێنین، بۆ دابینکردنی کارەباکەی لە ترمینالْی AUX سوود وەردەگرین. وزەگەیاندن لەم بەشەدا +12 ولْتی جێگیرە.

## ترمینالْی زونە وایردارەکان:

ئەم ئامێرە خاوەن سێ ترمینالْی تایبەت بە پەیوەستبوون بە هەستەوەرە وایردارەکانە. هەربۆیە وایرەکانی پەیوەندیدار بە ئالارمی هەر هەستەوەر، پەیوەست دەکەینە یەکێک لە ترمینالْەکانەوە.

## LED پیشاندەرەکان (شاشە):

ئەم ئامێرە دوو شاشەی LED هەیە کە دۆخە جیاوازەکانی کاری ئامێرەکە پیشان دەدات.

## کرداری چرای LEDای سوور:

کاتێک کە کارەبایەکی ڕێکوپێک بە ئامێرەکە دەگەیەت، چرا سوورەکەی دادەگیرسێت و هەر دووچرکە جارێک چاو دەترووکێنێت. کاتێک کە بەکارهێنەر دوگمەی S1 لێدەدات، چرا سوورەکە هەر دوو چرکە جارێک چاو دەترووکێنێت.

## کرداری چرای LED زەرد:

کاتێک ئامێرەکە کۆدی ڕیمۆت یان ئەو هەستەوەری بێوایەرەی کە پێیکۆدکراوە وەردەگرێت یان ئەو هەستەوەرە وایردارەی کە بە ئامێرەکەوە پەیوەستکراوە هاندەدرێت و ئامێرەکە دەست بە ناردنی کۆد دەکات. چرا زەردەکە هەر 3 چرکە جارێک دەست بە چاوترووکاندن دەکات و پاش ناردنی کۆدەکە دەکووژێتەوە.

# شێوازی کرداری ڕێپیتر

سڕینەوەی مێمۆریی ئامێرەکە:

ئەگەر بمانهەوێ مێمۆریی ئامێرەکە بسڕینەوە، 10 چرکە دوگمەی S1 ڕادەگرین. لەم کاتەدا چرا سوورەکە هەر دوو چرکە جارێک چاو دەتترووکێنێت و پاش تەواوبوونی سڕینەوەی مێمۆری، چرای سوور و زەرد بۆ ماوەی 2 چرکە بە خێرایی چاو دەتروکێنن و پاشان چرا سوورەکە بە شێوەی ئاسایی دەست بە چاوترووکاندن دەکات.

کۆدکردنی ڕیمۆت و کەرەستە بێوایەرەکان لە سەر ڕێپیتر:

ئەگەر یەکەم جارە کە ڕێپیترەکە وەکاردەخەین، باشترە پێش هەموو شتێک یەک جار ڕیستی بکەینەوە. دەبێ یەکەم جار دڵنیا بین لەوەی کە تەواوی زۆنە وایرادارەکان لە ڕیپیترەکەدا بەسراو بن (هاننەدراو بن)، پاشان بۆ ماوەی دوو چرکە ئەنگوست بخەینە سەر دوگمەی S1 و پاش دوو چرکەکە دەست هەڵگرین. لەم کاتەدا چرا سوورەکە هەر چرکە دووجار چاو دەترووکێنێت کە لەم کاتەوە 6 چرکە کاتمان هەیە بۆ ئەوەی ئەنگوست بگرینە سەر یەکێک لە دوگمەکانی ڕیموت بۆ ئەوەی کەرەستە بێوایرەکان هان بدەین تا ڕیپیترەکە کۆدی ڕیمۆت و کەرەستە بێوایرەکان وەربگرێت و لە خۆیدا پاشکەوتیان بکات.

ئەگەر هەموو ئەم قۆناغانە بە ڕێکوپێکی ئەنجام بدرێت، چرا سوورەکە چرکەیەک دادەگیرسێت و چرکەیەک دەکووژێتەوە و پاشان بۆ ماوەی 2 چرکە بە شێوەی خێرا چاودەترووکێنێت و ئەگدر ئەم قۆناغە بە دروستی ئەنجام نەدرێن.

LED پاش تەواو بوونی کاتی کۆدگیری بە شێوەی ئاسایی دەست بەچاو تروووکاندن دەکات.

ئەگەر ئەو ڕیمۆت و کەرەستە بێوایرانەی کە دەمانهەوێ بە ئامێرەکە کۆدیان بکەین پێشتر لە مێمۆریی ڕێپیترەکەوە پاشکەوت کرا بن، چرا سوورەکە پاش تەواوبوونی کاتی کۆدگری بۆ ماوەی 3 چرکە دەکووژیتەوە و پاشان بە شێوەی ئاسایی دادەگیرسێتەوە.

# شێوازی کرداری ڕێپیتر

له کاتی کۆدکردنی ڕیمۆت و و کەرەستە بێوایرەکاندا، دەبێ دڵنیا بین لەوەی که زۆنەکان بەستراون و وایرەکانی ناو کانتەکتۆری زۆنەکان بە ڕێکوپێکی پەیوەست کراون (مەحکەمبوونی وایرەکان). ئەگەر وا نەبێت، ئەو ڕیمۆت و کەرەستە بێوایرەکان وەک هەستەوەرێک لە سەر زۆنی کراوەی وایرداری ڕیپیتر کۆد دەبن و تا ئەو کاتەی کە ئەو کۆدی ڕێپیترە کراوە بێت، ئامێرەکە وەک هاندانێک لێی تێدەگات و بەردەوام دەست بە ناردنی کۆد دەکات.
کە بەم کارە ئامێرەکە بە شێوەی ئاسایی ئیش ناکات

گۆڕینی هەستەوەری وایردار بۆ بێوایەر بەهۆی ڕێپیترەوە :

سەرەتا پێویستمان بە هەستەوەرێکی جووڵان (چاوی بێوایەر)ـی خاوەن کۆدی تاقانەیە کە لە سەر ئامێری دزگر کۆد نەکرابێت (تکایە جامپرەکانی A0 تا A7 و D0 تا D3 بە پێی دزگری ناوەندی ڕێکخراو بن) و پاشان ئەو زۆنی ڕێپیترە کە دەمانهەوێ بیگۆڕین بۆ بێوایەر دەخەینە دۆخی کراوە، دوگمەی تێستی هەستەوەرەکە گوشار دەدەین و ئەنگوستمان لە سەری لانابەین و پاشان دوگمەی S1 بۆ ماوەی 2 چرکە ڕادەگرین و پاش دووچرکە دەستمانی لە سەر لادەبەین.
ئەگەر ئەم ئیشانە بە ڕێکوپیکی ئەنجام بدرێن، چرای سوور بۆ ماوەی یەک چرکە دادەگیرسێت و بۆ یەک چرکەش دەکووژێتەوە و پاشان بۆ ماوەی دوو چرکە بە خێرایی دەست بە چاوترووکاندن دەکات.
لە قۆناغی دواییدا ترمینالّی هەستەوەرەکە لە جێی خۆیدا دادەنێین و لە ئامێری دزگری ناوەندیدا زۆنی بێوایەر دەناسێنین. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ ئەو هەستەوەرە وایەردارەی کە لە ڕێپیترەکەدا دامەزراوە هان بدەین تا ڕێپیترەکە

## شێوازی کرداری ڕێپیتر

سیگناڵە دیاریکراوەکەوە بنێری بۆ ئامێری ناوەندی و هەستەوەرەکە لە ئامێری ناوەندیشدا کۆد بکرێت.

دیاریکردنی ماوەی ناردنی کۆد لە لایان ئامێرەکەوە:

لە دۆخی ئاساییدا ڕێپیترەکە کۆدی وەرگیراو یان کۆدی هاندان بۆ ماوەی 2 چرکە دەنێرێت. ئەگەر ئەو ئامێرە وەرگرەی کە بڕیارە کۆدی نادراو لە لایان ڕێپیترەکەوە وەربگرێت لاواز بێت یان خود بە هۆی هەبوونی سیگناڵی نەخۆزراو لە دەورووبەری خۆیدا نەتوانێت کۆدەکە بە باشی وەربگرێت، دەتوانین بە گۆڕینی جامپەر بۆ سەر 3S و بۆ کاتی زۆرتر لە سەر 4.5S، کاتی ناردنەکە زۆرتر بکەین تا لە باتی2 چرکە، بۆ ماوەیەکی زۆرتر لە ناردنی سیگناڵدا بەردەوام بێت و دڵنیا بین لەوەی کۆدەکە لە لایان وەرگرەکەوە وەرگیراوە.

KU.FIREWALLCO.CO